# خەونەكانی باران

عەبدولوتەلیب عەبدوڵلاّ

2007/2/1

ئەگەر سەفەر نەبوایە، باران كتێبێكی دیكە دەبوو
لە سەر پشتی (با) خۆی پەخش دەكرد
بە ئیحساسی بەیانی دەكرایەوە
بە دەنگی هەتاو خۆی دەنواند
كەس نەیدەتوانی بیخوێنێتەوە
كتێبێك لە نوور
لە خەندە هەڵوەریوەكانی دایكم
كتێبێك لە گەڕەكەكانی منداڵی
لە سەرچاوەكانی بەهار
لە خەونی هەڵگەڕاوەی نیگا خەواڵوەكانی ئەستێرە
وەك ئەوەی كتێب جگە لە وێڵ بوون
بە قەوارەی ئاو هەڵواسرا بێ
باخچەیەك بە قەوارەی زەردەپەڕ
هەموو كەس ناتوانێ بیخوێنێتەوە.

باران وەستاوە
وەك گەلآیەك پەنجە لە سێبەر دەبزێوێ
وەك بزەیەك لە سەر لقی شەقامی چاوەڕوانیدا
كز دەسوتێ
كتێبێكی شینم خەریكە لێوە تەڕەكان حونجە دەكەم
دەڕۆم بێ ئاگا
لە شەپۆلە چاو زەردەكانی هەتاو گومڕا دەبم
تا رۆخی بەربوونەوەی شكۆفە
دەڕۆم بێ پەروا لە دەنگی باران هەڵدەخلیسكێم
هەڵدەسمەوەو دەڵێم

ئەوە ژیان نییە، جەنگێکی گەرمە لەگەڵ خوناو
شەڕێکی ساردە لەگەڵ زەردەخەنەی هەتاو
ئەوە ژیان نییە
خەریکە باران خەو دەیباتەوە
خەریکە تەمەن سەرشار دەبێ لە پرس
لە سێبەری ئاوێکەوە تەماشا دەڕوا
بڕوانە کاتی خۆکوشتنی بارانە، لە دوا لاپەڕەی ئەو دەفتەرەی
بە نەشئەی مەستێکەوە دەبریسکێ
بە نیگای مەستێکەوە خۆم هەڵدەواسم
دەڕۆم تا رۆخی بەربوونەوەی هۆش
بە سەر شەڕی دوو لیمۆی کاڵ
تا ئەوپەڕی شپرزەیی دەریا
لەوێ ئاو لە ژنێك دەچێت کە دوودڵی گەڕانەوەیە
گوڵدانی هەناسەیەکی دیکەی عەشق
هەناسەیەکی دیکەی پاك بوونەوە.
دەڕۆم لە قەراغ دارستانێك کە ئەفسوون لە تاریکی دەژمێرێ
لە کەنار دەریایەك کە دڵۆپ دڵۆپ
زەردەخەنە بە رێبواران دەفرۆشێ
تا باران بباریێت.

دەڕۆم
تا باران بباریێت
ئاو لە تەختی پاشا نایەتە خوارێ
دەریا چۆلەکەیەکە لە سەفەر
تازە لە نائومێدی گەڕاوەتەوە
وەك خۆر بای باڵی بدات
وەك دڵێکی گوشراو
ترپەی دێت
دەنگی پڕە لە خەونی باران

باران به دەنوکی شەو دەنووسیٚ
غەریبی چ ئەفسوونیٚکە سەیرکە دەریای لیٚدەرژیٚت.

ئەوە ئاو نییە وەستاوە
موسافیریٚکە بە فەراموٚشی پیٚدەکەنیٚ
جوتیاریٚکە بە ئاسمان دەڵیٚ:
بنمیچی باران
ریٚبواریٚکە
لە بەر هەیوانی ریٚگا
قاشیٚك خەیاڵ دەکاتە تویٚشوی تەنیایی
دەستم بەر هەر چی دەکەویٚت
بوٚنی پرشنگی هەتاو دیٚت
دەروٚم لە کوٚلاٚنە سەرمەستەکانی شیعر
تەڕ دەبم تەڕ
وەك ئەوەی بڵیٚی
ئەوە باران نییە وەستاوە
بیابانە شەپوٚل شەپوٚل
چاوی تەڕ کوٚ دەکاتەوە
ئەوە منم
هیٚندە غەریبانە دەروٚم
هەستدەکەی باران ناباریٚ
هەستدەکەی بەسەرهاتی خوٚم لە تاریکی
دەنووسمەوە.